# سێبەری تەڕ

## هایکو



ڕزگار جەباری

# سێبەری تەڕ

## هایکو

2020

## ڕزگار جەباری

ناوی کتێب : سێبەری تەڕ
نووسەر : ڕزگار جەباری
بابەت: هایکو
ساڵی چاپ : 2020 زاینی
ژمارەی لاپەڕە : 75 لاپەڕە
تیراژ : 500 دانە
دیزاینی بەرگ و ناوەوە : کۆسرەت بورهان
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (        )ی ساڵی 2020ی پێدراوە

## کڵاوڕۆژنەیەک:

ئەم حەفتاو دوو دەقە، کۆمەڵێک هەوڵ و مەشقن بۆ نووسینی هایکو. ئەڵبەتە هایکو مێژوویەکی پڕ گۆڕانکاریدا هەیە لە شێوە و کرۆکدا، بە تایبەتی کرۆک. زۆرجار دەڵێن، هایکو ژانرێکە ناتوانێت بێتە ناو زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە، چونکە هەندێک تەکنیکی ئەم هونەرە هەڵقوڵاوی زمانی ژاپۆنییە و بواری پیادەکردنی نییە لە زمانی کوردیدا. ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوەش کۆپییەکی کتومتە کە چاوەڕواندەکرێت بەوجۆرە ئەم هونەرە بهێنینە ناو زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە. ڕەنگە لای هایکونووسانی کورد هەر یەکە و لەسەر بنەمایەک باوەڕی نووسین هایکو بە زمانی کوردی هەبێت، بەڵام ئەوەی بۆ من گرینگە، هایکو بە تایبەتی هایکوی کلاسیک دەتوانێت پێوەندی و رایەڵێکی سۆفیانە و عیرفانی لە نێوان گیانی مرۆڤ و سروشتدا ڕۆبنێت. وەکوو خۆم کە شەیداییەکی زۆرم بۆ جادووی جوانیی سروشت هەیە، هەر لەگەڵ ئاشنابوونم بەم هونەرە، هەرزوو وڵامی بەشێکی داخوازیی ئێستەتیکانەی شیعری من بداتەوە. ئەگەر پێشتر بە گەشتەکانم بۆ ناو سروشت بە دوای مرۆڤدا گەڕابم لە دیمەنە سروشتییەکان، ئەوا لە دوای ناسینی هایکووەوە بە دوای دیمەنی سروشتیدا گەڕاوم لە ناو گیانی خۆمدا وەکوو مرۆڤ. هەر ئەمەشە جیاوازی نێوان شیعر و هایکو. دڵنیام ئەم دەقانەی من زۆربەیان هێشتا دەربازیان نەبووە لە هونەری شیعر. بەڵام ئەمانە چەند هەوڵێکن و وەکوو مەشق توانای زاتی خۆم تاقیکردووەتەوە.

رزگار جەباری

27-12-2020

هەولێر - بنەسڵاوە

# دڵۆپ دڵۆپ دەچۆڕێ
# لە نووکی دڕکی زەردەوە-
# تیشکی کەمتینی پاییز

# دڕکی زەردهەڵاتوو
# لەژێر نمەباراندا-
# لە چاوەڕوانیی بەهاردا

# بنجکی خەرنووک
# هەندێ وردەگەڵا-
# بای پاییزانە

# زەلەکان
# لە باوەشی یەکردا
# بەیانییەکی زستانە

بەیانییەکی زیوین
باڵندەیەک دەجرویێنێ-
نازانم ناوی چییە!

# گوڵەزەل
# سەریان شۆڕکردووەتەوە
# پاش باران

لەوبەری چەمەوە
سەگێک دەوەڕێ-
ڕەنگی سپییە!

# پیاسە دەکەم
# بەسەر پووش و پەڵاشەوە
# بە بێ شوێنپێ

لاسکی لاولاو
درێژ درێژ ڕاکشاون
بزربوون بزنەڕێ

# لوولپێچێکی ئارام
# بە لاسکی دڕکێکەوە-
# گەنەجووڵەی ژیان

# لەپڕ فڕکەی پۆڕێک
# بەجێمانی دوو گەنەپەڕ
# خورپەی دڵ

# کڵاوکوڕەیەکی تەنیا
# بە سەر تەلبەندەوە-
# گۆرانیی ئازادیی

# دڵۆپەباران
# بەسەر گەڵای زەلەوە
# تریسکەی پاییز

# بەدەم گوێگرتنەوە
# لەسەر لاسکە ڕاکشاوەکان
# پێم خلیسکا

# سووره‌بەردێکی تەڕ
# لەژێر تیشکی خوردا-
# خەونی لەعل

# خەونی ئازادیی-
# بەرزتر لە پەرژین
# باڵای چاوبازە

# گوڵەکانی سەرچڵ
# نوکی ڕەگە وردیلەکان
# بیری ڕابردوو

گەڵای گوێچکەفیل
ڕاکشاو بەسەر عەردد‌ا
پڕ لە ئاوازی باران

# ڕووبارێکی درێژ
# بە هێمنیی گۆرانیی دەچڕێ
# نووچەی هاوین

# دەنگیان لە ئاسمان
# ڕەنگیان لە سەر زەوی
# دوو ماسیگرە

# سارد و تەڕ
# لە چاوەڕوانیی شنەبادا
# کوانووی شوان

ماسییەک باز دەدا
بازنەیەک فراوان دەبێتەوە
بزربوون لە کەناردا

# تەرمی کۆتەرەیەک
# بە سەر شانی ڕووبارەوە
# کۆچ لە زستاندا

# کوارگی زەرد
# لەڕەنگی پووش
# خۆشاردنەوە

# کزەی سپێدە
# سەرپەنجەکان گۆ ناکەن
# گەرووی باڵندەکان گەرم

# کیسەڵەکان یەک یەک
# خزانە ناو جۆگەلەوە-
# دەنگی هەنگاو

# کیسەڵێکی تەنیا
# سەری خستەوە قاوغ
# هەنگاوی نامۆ

مانگەشەوی دەمکەل
دوو سەگ دەوەڕن
منیش دوودڵ

# ئەستێرەکانی دەریا
# بە ڕۆژ دەردەکەون
# کەناری دەریا

# لەسەر ئاو
# دەبن بە کەپری سەوز
# نیلوفەرەکان

# هەتاوی کۆچ
# پرچی بە دەریا دەشوات
# ئێوارانی هاوین

# چیا دوورەکان
# کش و مات لە تەمدا
# فریشتەی خەوتوو

# پەڕەسێلکەکان
# بە دوو باڵی شمشێرینەوە
# نیگام دوولەت دەکەن

مەلێک دەزریکێنێ
ئاوازێکی زۆر ناوازە-
ناتوانم نۆتە بنووسمەوە

# دیمەنی دووری شار
# لەناو تیشکی هەتاودا-
# هەموو غەریب

# پەڕی گوڵێک
# لەنێو پەرتووکێدا-
# لە کام ژمارەدا؟

# جووتێ پەڕەسێلکە
# لەپڕ دادەکشێن
# بە ناو گەنمەجاڕدا

# جریوەی پاساریی
# زۆر و زەبەندە
# وەڕسکەر نین

# لە پیاسەدا
# پەپوولەیەک کەوتە پێشم
# ڕێم بزرکرد

# لەناو لەپم
# دەڕوانمە دەرەوە
# هەڵمی سەر جام

# پەردەی تریفەچنراو
# ژوانی نێو چڵی چۆلەکە-
# کەتەدارێکی نوستوو

**لە ژێی گەڵاکانەوە**
**دەنگی گۆرانیی دێ-**
**با بێدەنگیی دەشکێنێ**

# بزربوون
# فڕکەی پۆلێ باڵندە
# لەناو گورزە تیشکی
# کازیوەدا

سەرەچڵێکی ئازاد
ئاسمانێکی بێسنوور-
ڕەگی قووڵ کپن.

# بەدەم باوە
# لەرینەوەی چڵێک
# باوێشک دەدەم

# تینی هەتاو
# سێبەرێکی دوور دوور
# کڵاوی داهۆڵ

# لاولاوی سپی
# ڕاکشاو بە عەرددا-
# سێبەری دارێک

# پەڕە تەکێوەکان
# بە سێبەری چڵەکانیش
# دڵخۆش دەبن

# پەپوولەیەکی وشک
# لە چاوەڕوانیی هەتوادا-
# نوێژی بودا

# -گۆشەگیریی-
# ترس لە سەرکەوتن
# بڵقەکانی بن ئاو

# دەستبردن بۆ سێو
# مەستبوونی خۆهەڵبڕین
# بۆشاییەک هەیە

# بە لوولەی تانکەوە
# ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دەکات-
# جۆلانەی منداڵ

# دەنگی فڕۆکە
# ڕەش هەڵگەڕا-
# گۆشەی وێنەیەک

# تەنها مایەوە
# لە دوای لافاو-
# زەردەخەنەی بووکەڵە

# جوکە جوکی ترس
# هەڵفڕینی کۆترەکان-
# بێ ئاگایی داهۆڵ

# شنەبا: کپ کپ
# بیر لە چی دەکاتەوە؟
# داهۆڵ

# -گمەگمی کوکوختی-
# هەڵدانەوەی گەڵای زەرد-
# ڕۆژێکی نوێ

# شەوانی کورت
# بیرەوەریی ڕێگای تاریک-
# گوڵەئەستێرەکان لە کوێن؟

# بوڵێڵ: کپ کپ
# ئاسمانێکی وەستاو-
# یادی شەمشەمەکوێران

# لەناو تەمدا
# هەنگاوەکان بزر دەبن-
# نامۆیی ڕێگا

# زەرد هەڵگەڕا
# لە زنەکی ئارامدا
# هەڵوەرینی گەڵا

# پیاسەی ناو پونگە
# یەکەم هەنگاوی تەڕ-
# پژانی بۆنی یادگاریی

# ئاسمانێکی پڕ لە فڕین
# بەربوونەوەیەکی ئارام-
# تەرمی پەڕ

# تەمەن... تەمەن
# تەنها سەردەمی ڕووناکیی-
# خەڵووزی خامۆش

# ڕووپەڕی ژوان
# دیوێکی دیکەی مەستیی-
# گەڵامێو

# چیرۆکی دڵی دەریا
# بۆ کەنارەکان دەگێڕێتەوە
# گوێچکەماسی

# کزکز
# تەنها خۆری ئاوابوون
# دەتوانم لێت بڕوانم

# هەوری هاوینە
# دزەی تیشک لە درزەوە-
# زەردەخەنەی ناو گریان

# گەشت بۆ منداڵیی
# بە سواری بوراقەوە-
# سندوقی بیرەوەری

# لایەکی باران
# دەڕژێتە ناو ڕووبارەوە
# ئەوەیە مانەوە!

# بۆ ڕوانین
# وەکوو پەنجەرەیەکە
# ماڵی جاڵجاڵۆکە

# تامی ئاوە
# لە خەونی بیابان-
# تراویلکە

پەڕەسێلکەکان

بە دوو باڵی شمشێریەوە

نیگام دوولەت دەکەن !

لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی